# لیندا ڕواندزی:

# سوپاسی ماڵەوە دەکەم کە هاوکاریم دەکەن

سازدانی: کەیوان کەریم



(لیندا ڕواندزی) نازناوی ئەدەبی ئەو کچە بەهرەمەندەیە کە ناوی راستەقینەی (خانزاد ئەسعەد عەلی) یەو لە ساڵی ١٩٨٧ لەشاری رواندز لەدایك بووەو ئێستاش هەرلەرواندز دادەنیشێت‌و خوێندکاری قۆناغی دووەمی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی سۆرانە. سەرەتای شیعر نووسین‌و چرۆکردنی بەهرەکانی، دەگەڕێتەوە بۆ چوار ساڵ بەر لە ئێستا، واتا لە ساڵی ٢٠٠٣، بەلاّم بۆماوەی ساڵێکە هەوڵدەدات لەپاڵ پەخشان شیعریش بنووسێت، زیاتر ئەو شیعرانەیش ئەنووسێ کە سەربەخۆن یا (ئازاد)ن ولەگەڵ ئێستادا ئەگونجێن، وەکو سەرەتایەك ئەیەوێت ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی دروست بکات.

بۆکاتی شیعر نوسینیش ئەڵێ:" هەر کاتێك شتێك بەخەیاڵدا بێت وپێم جوان بێت دەینووسم، بەلاّم زۆر جار کەتەنیام یان درەنگانی شەو شیعر دەنووسم، شەو کاتێکی هێمن وبێدەنگە..

سەبارەت بە راستگۆیی شاعیر لەگەڵ ناخی خۆیداو هەڵرشتنی ئەو شتانەی کە پەیوەستن، بەخۆیی‌و دەوروبەرەکەیەوە ئەڵێت:"بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری شیعرەکانم گوزارشت لەخۆم دەکەن و هەندێکیشیان بۆ ئەو رووداو و بەسەرهاتانە نووسیون، کە ڕۆژانە لە نێو کۆمەڵگاکەمان‌و دەوروبەر ڕوودەدەن، کە زۆر پێیان دڵگران وخەفەتبار ئەبم. نموونەش، کاتێك گوێبیستی ئەوە بووم لەلایەن جەلادە تاریك پەرستەکانەوە لاشەی ناسك وجوانی (دوعا)ی بێتاوان بلۆك باران کرا، دەروونم هاتە هەژان وشیعر وپەخشانێك لەدایك بوون وهاتنە ڕیزی بەرهەمەکانم.

بۆکاریگەر بوون‌و سەرسام بوونیش بە ئەدیب و هۆزانڤانی دیکە، یان شیعرەکانی کێی پێخۆشەو ئەیانخوێنێتەوە لیندا ئەڵێت:"زۆربەی شاعیرەکان دەخوێنمەوە، بەکلاسیك وسەردەمییەکانەوە( مهاباد قەرەداغی وکەژاڵ ئەحمەد وتریفە دۆسکی) لەژنان. لەپیاوەکانیش( ڕەنج سەنگاوی و شەهاب زەنگەنە و غەمگین بۆڵی) بەلاّم بەشیعرەکانی (هێمن وپەشێو) سەرسامم.

لەپرسارێکی ئێمەدا سەبارەت بەدۆخی ژنان وپێگەی ژن لەناو کولتووری نێرسالاری کۆمەڵگای کوردی، گوتی:"بەڵێ بێگومان، لە کۆمەڵگایەکی داخراوی وەکو ئێمە، لەبەرئەوەی دەسەلاّتی تەواوی لە ژێر دەستی پیاوەو پێیان شەرمە کچ هەموو کارێك بکات و لایان نەنگیە کە رەگەزی مێ لەچوار دیواری ماڵ دەربچێ، بۆیە ئێمە توشی زۆر ئاستەنگ ئەبین، بەلاّم من بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی ماڵەوە دەکەم کە زۆر هاوکاریشم دەکەن.

پێناسەیەکی ئەم وشانە بەکورتی.

شیعر: کانیاوێکە لەناخ ودڵەوە هەڵقولاّوە.

دایك:خۆشەویسترین و پیرۆزترین کەس.

خۆشەویستی: لەم ولاّتەی من تەنها(تاوان)